ئێران مانگی دەستکردی فەخر-1 بۆ بۆشایی ئاسمان هەڵدەدا



ئێران ئەمڕۆ هەینی هەڵدانی مانگی دەستکردی "فەخر-1"ـی بۆ بۆشایی ئاسمان بە بەکارهێنانی هەڵگری مانگی دەستکردی سیمرگ ڕاگەیاند.

بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران، مانگی دەستکردی ناسراو بە "فەخر-1" لە خولگەی 410 کیلۆمەتریدا دانراوە و ئەم مانگە دەستکردە یەکەم سیگناڵی بۆ وێستگە زەمینییەکان ناردووە.

مووشەکی هەڵگری مانگی دەستکردی سیمرگ، تاکە مووشەکی ئاسمانی ئێرانییە کە پەرەی پێدراوە بۆ هەڵگرتنی ئەم جۆرە مانگە دەستکردانە بۆ خولگەی LEO بەدەوری زەوی و کێشەکەی 80 تەنە و لە قۆناغی یەکەمدا 105 چرکە و لە قۆناغی دووەمدا 340 چرکە دەسوڕێتەوە و خێراییەکەی لەکاتی تێکردنی مانگی دەستکرد و مووشەک بۆ خولگەی زەوی 7754 مەتر لە چرکەیەکدایە.